مەهاباد قەرەداغی

# بۆ ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە!

شاکارنامە

نامەی ژمارە: 3

شاکار گیان،

ڕستەیەکی باوە و بە تایبەت لە سیاسەتدا زۆرجار دووپات دەکرێتەوە، "مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە". با پێکەوە و بە هێمنی و بێ دەمارگیری لەم وتەیە ڕابمێنین و ئینجا لەخۆمان بپرسین ئایا خۆدووبارەکردنەوەی مێژوو مانای ئەوە نییە پەندی پێویستمان لە ئەزموونەکانی ڕابردوو وەرنەگرتووە؟

ئەزموون مانای چییە؟ هەن ئەزموون بە ڕووداوە پۆزەتیڤەکانی ژیانی خۆیان دەزانن و پێیان وایە هەنگاوە سەرکەوتووەکانی ژیانیان ئەزموونی ئەوانی پێکهێناوە و بۆیە دەبێ لە هەمان سەرچاوەوە خولەکانی تری ژیان دەستپێبکەنەوە. بەڵام پێویستە ئەزموون بریتی بێت لەو هەڵانەی کە لە ژیانماندا دەیکەین، ئەوانەی کە هەندێ جار بە ویست و هەندێک جاری تر بە بێ ویستی خۆمان ڕوودەدەن و ئەگەر ژیر بین سوود لەو هەڵانە وەردەگرین و دەبن بە ئەزموون بۆمان، ئەگەر نا دووبارەیان دەکەینەوە و لە بازنەیەکی داخراودا مێژووی ژیانمان دووبارە دەبێتەوە. ئەوەیە خۆدووبارەکردنەوەی مێژوو، ئیدی چ لە سووڕی ژیانی تاکەکەسێ بێت، یان لە سووڕی ژیانی ڕێکخراوێک، حیزبێک، گەلێک و نەتەوەیەک. بۆیە من دەڵێم با هەموو هەوڵ و تێکۆشانمان بۆ ڕێگەگرتن بێت لە دووبارەبوونەوەی مێژوو، تا بتوانین مێژوویەکی نوێ و شایستە دروست بکەین.

پرۆسەی دروستبوونی مێژووش ڕەنگە بە چەندان شێوەی جیاواز بێت، ئەوەی من لێی ڕاماوم ئەم سێ جۆرەیانە:

یەکەم: ئەو مێژووەی کە بە هەڕەمەکی دروست دەبێت: وەک ئاشێک وایە کە خوا بیگێڕێت، بێ پلان و بەرنامە دروست بووە. مێژوویەکی وا تۆ بێلایەنی بەرامبەری، نە لاپەڕە گەشەکانی هێندە هەستی شانازیت دەوروژێنن و نەش لاپەڕە ڕەشەکانی ئەشکەنجەی ویژدانیت دەدەن. لەسەر ئاستی تاکەکەسدا مێژووی هەڕەمەکی بۆ ئەو

کەسانە دروست دەبێت کە بێ پلان و بێ پرۆژەن، هیچ کاتێک پرسیارە فەلسەفییە ساکارەکەی بوون "من کێم؟" لە خۆیان ناکەن. لەسەر ئاستی ڕێکخراوێک یان حیزبێکیش مێژووی هەرەمەکی کاتێ دروست دەبێت کە ئەو حیزبە یان ئەو ڕێکخراوە پێویستییەکی ڕەسەنی هەڵقولاو لە ڕیالیتەی ئەو وڵات و نەتەوەیە، دروستی نەکردبێت و تەنها کاردانەوەیەک بووبێتەهۆی دامەزراندنی. لە سەر ئاستی میللەت یان نەتەوەشدا مێژووی هەرەمەکی کاتێ دروست دەبێت کە ئەو نەتەوەیە بەڕێوەبەری باشیان نەبێت و پەرەسەندنەکان خاو و بێپلان ڕوودەن.

دووەم: ئەو مێژووەی کە بۆت دروست دەکرێت: خۆت بێدەسەلاتی لە ئاستیدا، دۆستێک یان دوژمنێک بۆت دروست دەکات. دیرۆکێکی واش چونکە خۆکرد نییە، هەست ناکەی پشت و پەناتە. ئەو مێژووەی دۆست دروستی کردبێت، لاپەڕە سەروەرییەکانی دڵخۆشت دەکەن، وەلێ لە ناخی ناخەوەت هەست ناکەی شانازی خۆتن. بۆ لاپەڕە ڕەشەکانیشی پاساوی زۆرت هەیە لە خۆتی دوور بخەیتەوە. بەڵام ئەو مێژووەی کە دوژمن بۆت دروست دەکات، لاپەڕەی گەشی تیا نییە و سەرتاپا قەترانییە. بەرامبەر بەو مێژووە هەستی پەژموردەیی داتدەگرێت، دڵت بە خۆت دەسووتێت و، ڕقت هەڵدەستێت و، بیری تۆڵەکردنەوە ناهێڵێ جوانییەکانی ئێستا ببینیت و چێژ لە سەرکەوتنەکانی خۆت ببینیت.

مێژوویەکی بۆدروستکراو لە سەر ئاستی تاکەکەسدا بۆ ئەوانە دروست دەکرێ کە وابەستەن، کەسایەتییان هی خۆیان نییە و دروستکراوە، بیرکردنەوەیان هی خۆیان نییە و ئاراستە دەکرێن. نموونەی وا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا مەخابن بە ملیۆنانن. ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ناهێڵن تاکەکەس هەبێت و خۆی دروست بکات و مێژووی خۆی دروست بکات، دەبن بە خاوەنی و بەرەو هەرکوێ خۆیان بیانەوێ دەیئاژوون. نموونەیەکی تری توخمی دەکرێ بهێنمەوە. مێژووی ئافرەت لە بەشێکی بەرچاوی دنیادا تا ئەم ساتە مێژوویەکی دیلی بۆ دروستکراوە، چونکە کەسایەتی ئەو دیل و داگیرکراوە. نموونەی دیکەش گەلێ زۆرن.

لەسەر ئاستی گشتی و بۆ نەتەوەیەکیش مێژووی بۆدروستکراو دوژمن و داگیرکەر دەیکەن. هۆلۆکۆست و ئەنفال دوو کارەساتی مێژوویی دوو نەتەوەن لە یەک سەدەدا ڕوویان داوە. جوولەکە و کورد. مێژوویەکن نازییەکانی ئەڵمانیا و بەعسییەکانی عێراق دروستیان کرد. مێژووی وا ئەگەر دووبارە ببێتەوە، ئەگەر زیانە گیانیی و مادییەکەی کەمتریش بێت زیانە دەروونییەکەی یەکجار زۆر زیاترە. دووبارەبوونەوەی کاتاسترۆفی وا بەو مانایە دێت کە نەتەوەی زۆرلێکراو وانەی لەو مێژووە نەبینی و خۆشباوەڕانە خۆی خستەوە نێو داوی هەمان دوژمنەوە. هۆلۆکۆست وانەی تەواوی لێوەرگیرا،

دووبارەبوونەوەی نزیکە لە مەحاڵ. ئەنفال هێشتا مەترسی دووبارەبوونەوەی هەیە، چوونکە ئەوانەی کە ئەو مێژووەیان بۆ کورد دروستکرد هێشتاش کەڵبەکانیان تیژە. هێشتا نکوڵی لە مافی گەلی ئەنفالکراو دەکرێ.

سێیەم: ئەو مێژووەی کە خۆت دروستی دەکەیت: کە خۆت بەرد بە بەردی بناغەکەیت داناوە و ماندوو بووی لە بنیاتنانیدا، ئەوەی کە ڕەنج و ئەرکی خۆت دروستی کردووە و خۆشت دەوێ. مێژوویەکی واش لاپەڕەی ڕەش و لاپەڕەی گەشی هەیە. ڕووپەڕە ڕەشەکانی هەڵەکانن، چ ئەوانەی بە ویست و مەبەستەوە کراون، چ ئەوانەی لەدەست دەرچوون. ڕووپەڕە گەشەکانیشی سەرکەوتنەکانن، دەستکەوتەکانن، گەشەسەندنە پلانکردەکانن.

هەڵدانەوەی ڕووپەڕە ڕەشەکانی ئەم مێژووە کاتێ پێویستە کە ئیدی دڵنیابین هەڵەکان کراون بە ئەزموون و دووبارە ناکرێنەوە، واتە کاتێ دڵنیابین کە خۆمانین ناهێڵین مێژوو دووبارە ببێتەوە. لاپەڕە گەشەکانیشی پێویستە هەڵبدرێنەوە، تا لە چێژی گەشبوونیان، بەردەوامی و نەوەستان و پێشکەوتن ببێتە خووڕەوشتمان.

لەسەر ئاستی تاکەکەسدا ئەو کەسانە مێژوو بۆ خۆیان دروست دەکەن، کە خۆیان دەناسن، پرسیارە فەلسەفییەکەیان لە خۆیان کردووە و بۆ گەشەسەندنی خۆیان پرۆژەیان هەبووە.

لەسەر ئاستی نەتەوەیەکیشدا دیسان نموونەی جوولەکە و کورد باشترینە بۆ لێرامان و گفتوگۆ. جولەکە وڵاتی خۆیان دامەزراند و لەو ڕۆژەوە خۆیان مێژووی خۆیان دروست دەکەن. کوردی چواربەشکراویش ، لە هەر یەک لە بەشەکان بۆ ئەو مەبەستە تێکۆشاون، بەڵام تێکۆشانێکی بێ پلان.

لە باشووری کوردستاندا، دەکرێ بڵێین لە ڕاپەڕینی بەهاری 1991 ەوە کورد خۆی هەوڵی هەیە بۆ دروستکردنی مێژووی خۆی بە دەستی خۆی. بەڵام مەخابن جاری وا هەیە ژوورێکی تەلاری مێژووی خۆی دروست دەکات و بە دەستی خۆیشی دەیڕووخێنێ.

شەڕی ناوخۆیی ئەو شۆڤڵە بوو کە ئەو ژوورەخۆکردەی مێژووی ئێمەی ڕووخاند. چی بکەین بۆ ئەوەی ئەم مێژووە دووبارە نەبێتەوە؟! ئێستا کە تەلاری مێژووی کورد لەم بەشەدا نزیکە لە تەواوبوون، ئەو تەلارەی کە دیوارەکانی بە ئێسکوپرووسکی نێو

کۆگۆڕەکانی ئەنفالکراوەکانمان بنیاتنراوە، کە جوانترین دیاری و یادگاری ئەو قوربانییانەن بۆ نەتەوەکەیان، چۆن بیپارێزین؟

کچم، چاوەکەم..
چاوی جوان خراپ نییە، بەلام بیرمان نەچێ چاو تەنها بۆ جوانی دروست نەبووە. ئەرکی یەکەمی چاو بینین، پشکنین و قووڵبوونەوەیە. کە ڕوانگەت نەبوو، چاو ناتوانێ ئەرکی خۆی بلەیزێ، ناتوانێ ببێتە ڕێنوما و ڕەنگە بە کوچە و کۆلانی وای مێژووتدا ببات، ئێستات ون بکات و، دوارۆژیش تەنها لە فەنتازیاتدا بمێنێتەوە. ئێمەی کورد ڕووانگەمان پێویستە، تا بزانین چاو ئاراستەی کوێ بکەین و بڕوانینە چی.

گوێبگرە کچم،
گوێ مەرج نییە کەڕ بێت، بۆ ئەوەی نەژنەوێ. دەشێ هێندە بە هەڵە سیخناخ کرابێت، ڕاستییەکان نەتوانن خۆیان بکەن بە ژوورێیدا. لەوانەیە پەردەکانی پیس کرابن و پێویستیان بە شتنەوە بێت. ئەو ئاوەی بەکاری دەبەین بۆ شتنەوە دەبێ ئاگادار بین ژەهراوی نەکرابێت. هەستی بیستن بۆ ئەوە نەکراوە، ئەوەی لەگەڵ بیروباوەڕمان نەگونجێ نەیبیستین و، تەنها ئەو دەنگانە بەخێر بێنین کە دەنگدانەوەی خۆمانە. با ئەو کۆرسەی کە سروودی نەتەوەیی دەچڕێ، لە دەنگی جیاواز پێک بێت، بەلام بە یەک ئاواز بگوترێ.

لە پێناوی ئەوەی ئەم تەلاری مێژووە، کە دەستکردی خۆمانە بە دەستی خۆمان نەڕووخێ، با ئیدی ساڵەکانی (**1966** تا **1996**) ببن بەو مێژووە ڕووخێنەرەی کە نەمانەوێت دووبارە ببنەوە.

دەتوانین نەهێڵین مێژوو دووبارە ببێتەوە. دەتوانین مێژوویەکی تر درووست بکەین، دەتوانین و زیاتریش ئەگەر بمانەوێ! ویستن توانینە!

**2005/06/07**